# یادێکی نەورۆز

هەمووی چەند ڕۆژێکی ماوە بۆ یادی نەورۆز... دەبێژم؛ یادی نەورۆز، نەک جێژنی نەورۆز. چۆنکە؛ لەوەتەی کورد بۆ یەکەمینجار جێژنی نەورۆزی، بە هەڵکردنی ئاگری نەورۆز پیرۆز کردووە، خۆشییەکی وای بە خۆیەوە نەدیوە کە ئێوی بنێی "جێژن". لەبەر ئەوە، دەبێ جارێ هەر بەیادی کۆنە نەورۆزەوە خەو ببینین و شتی لێوە فێربین و، تێبگەین کە جێژن بۆنەیەکە بۆ چێژوەرگرتن لە ژیان و، دەربڕینی هەستی شادی، ئەمەش تایبەتکارێکی مرۆڤی ئازادە، نەک مرۆڤی بندەست.

ئێستە، با جارێ بگەڕێینەوە بۆ یەکەمین جێژنی نەورۆز، کە ئەوەش هەر لە سایەی شوومی داگیرکەراندا بووە و کوێرەوەریی هەزاران ساڵەشی بەدوادا هات، چیرۆکە ڕاستییەکەش ئەوەیە، کاتێک کە کوردی ئەو سەردەمەی ولاتی ماد، دژی ملهۆڕێتیی ئەژدەهاک ( کە فارس و عەرەبەکان کردوویانە بە ضحاک)، ڕاپەڕین و دەرەقەتی نەهاتن، پەنایان بردە بەر فارسەکانی دراوسێیان بۆ یارمەتیدانیان و، بەو هۆیەوە توانییان ئەژدەهاکی زۆردار لەنێو ببەن، کە ئەو نارەسەنەش، هەر کوردێک بوو لە خۆیان، بەلام لەشکری شای ملهۆڕ و زۆرزانی هۆزی فارس، بەرە بەرە شوێنی خۆی لە ولاتی مادد کردەوە و، جێی ئەژدەهاکی ملهۆڕی گرتەوە و، هەر لەو دەمەشەوە، کورد سەربەخۆیی خۆی لەدەستدا و، ماڵی چووە سەر بەشی مالان و، ئیدی نەورۆز لە کورد بوو بە شین و شەپۆڕ. جا هەر چەندە نەورۆز، یادی جێژنی ڕزگاربوونە لە زۆردارێکی خۆیی، بەلام بۆنەیەکیشە بۆ هێنانەوە بیری چارەنووسی ڕەش و، بندەستیی زۆردارانی بێگانەی داگیرکەر.

نەورۆز، لەم ڕووەوە، وانەیەکی زۆر گرنگە بۆ کورد، ئەوەش ئەوەیە، کە نابێ پەنا ببرێتەبەر ملهۆڕێکی بیانی، بۆ خستنەخوارەوەی ملهۆڕێکی خۆیی. ئەوجا ئەگەر ئەو ملهۆڕە بیانییە، داگیرکەری پارچەیەکی دیکەی نیشتمانەکەت بوو، ئەوا بە هیچ جۆرێک نابێ پشتببەسترێت پێی. زۆردار و ملهۆڕی کورد، دەبێ بەدەست و مێشکی خەڵکی کوردستان لەسەرکار لاببرێت، نەک بەدەستی داگیرکەرانی کوردستان، یان بێگانەی چاو لەدوو. زاڵبوونی بەرەیەکی ڕامیاری، بەسەر دژبەرەکەیدا، دەبێ بەبڕیاری ئاشتییانە و ئازادانەی خەڵکی کوردستان بێ؛ نەک بەزۆری زۆردارەکی و چاوڕاو و پارە و چەکی داگیرکەرانی کوردستان.

زۆر بەداخەوە، هێندەک لە میرەکوردەکان، لەسەردەمی خۆیاندا و، پاش ئەوانیش، گەلێک لە حیزبەکوردستانییەکانیش، لە سەتەی ڕابردوودا، ئەم ڕێسا نگریسە (ملعون) میان چەندجار و چەندجار تاقیکردووەتەوە و لە ئەنجامی ئەوەوە، دەست و دەم و لینگیان بە ئاگری ناهومێدیدا چزاوە، کاتێک لەشکری داگیرکەرانیان هێناوەتە ولاتەکەیانەوە بۆ سەرشۆڕکردنی هاوولاتەکەیان، کە هۆڤێتیکردووە بەسەریانەوە، یان ناحەز و ڕکەبەریان بووە لە ڕامیاریدا، کە ئەوەش هەمووی بە پەژیوانی و ماڵوێرانیی گشت لایەکی خەڵکی کوردستان تەواو بووە.

ئەوەی کە کورد، کەم پەندی لەبەسەرهاتی دڵوەستێنی خۆی و کارەساتەکانی ڕابوردووی وەرگرتووە، شتێکی بەڵگەنەویستە. هۆی ئەوەش یەکلایەنە نییە، بەڵکو گەلێک کارکردی مێژوویی و جۆگرافیایی و جڤاکی و ئاینی کەوتوونەتە یەک و، بەتێپەڕبوونی زەمان، ئەم بارە نالەبارەیان سازداوە و گرێکوێرەیەکی دەروونییان لەناخی کورددا درووستکردووە، کە خۆی، لەنێوخۆدا، بە زل و ئاشووەستا و فرەزان و،